بسم الله الرحمن الرحيم

موسوڵمانی یەك خواپەرست: لەڕاستی دا زۆرێكمان لە هەوڵ و كۆششی بەردەوامداین بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانمان تا وای لیّ هاتووە پەرستنەكانمان لە یادچووە لە كاتێكدا دڵنیانین لەوەی كە ئایە مردن دەرفەتمان ئەدات ئەو بڕە سامانە سەرف بكەین كە بەدەستمان هێناوە؟ بۆیە زۆرجار بۆ ئاوەدانكردنەوەیماڵی دونیا خۆمان ماندوو ئەكەین و لەگەڵیا ماڵی قیامەتمان وێران ئەكەین لەكاتێكدا ئاوەدانكردنەوەی ماڵی قیامەتمان ئاسانە و ماندبونێكی زۆری ناویّ بەڵام وێران كردنی پێوستی بە هەوڵێكی زۆر هەیە ، ڕێگایەكی دوورمان گرتۆتە بەر بەمەبەستی گەشتن بە خۆشبەختی كەچی ڕێگای خۆشبەختی زۆر ئاسانە و زۆریش نزیكە لێمانەوە .

لە دەرئەنجامی هەموو ئەو تاوانانەی ئەیكەین هێدنەی تر دڵەكانمان ڕەش ئەبێت لە كاتێكدا هەندیّ پەرستن هۆكارن بۆ سڕینەوەی زۆرێك لە تاوانەكانمان بۆیە لێرەدا ئەپرسم : لەماوەی (١١) مانگ و (٢٠) شەودا هەمیشە خەوتن چیمان دەستكەوتووە ولەئەنجامی چی ؟ بێگومان لە دەست چوونی نوێژی بەیانی و ئەمیش لەئەنجامی ماندووبوونی ڕۆژ .

باشە لەماوەی (١١) مانگ و (٢٠) شەو دانیشتن بە دیار سەتەلایتەوە چیمان دەستكەوتووە ؟

بێگومان ئازاردانی چاوەكانمان و زیادكردنی تاوانەكانمان ، ئەمە جگە لە شەونخونی و قسەكردن بەتەلەفۆن تا دەمەو بەیان و چەندین تاوانی تر ئەی لە ئەنجامی كاركردنی بەردەوام لە ماوەی (١١) مانگ و (٢٠) ڕۆژ چیمان دەستكەوتووە؟ هەندیّ پارە و سامان كە زۆرجار بە ناشەرعی یان لەسەر حیسابی پەرستنەكانمان دەستمان ئەكەوێت .

بەداخەوە بازرگانی كردنی دونیا بۆ زیاد كردنی سامان و بژێوی ماڵ و منداڵ سەرقاڵی كردووین لەوەی كە هەوڵ و كۆششەكانمان بخەینەگەڕ بۆ ئەو ڕۆژەی خوای پەروەردگار لەبارەیەوە ئەفەرمویّ :﴿ يَوْمَ لا يَنْفَعُ مَالٌ وَلا بَنُونَ إِلاَّ مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ ( الشعراء) ، واتە : ئەو ڕۆژە كە نە ماڵ و سامان سودی دەبێت نە مناڵ و كوڕان بەكەڵك دێن مەگەر كەسێك بە دڵێكی ساغەوە بێتە حوزوری خوا ...



زانایان لە پێناسەی ( القلب السليم ) دا ئەڵێن : ئەو دڵەیە كە خاڵی بێت لە بیدعە و دامەزراو بێت لەسەر سوننەت .

لە دونیادا گرێبەستێك بكە بۆ ماوەی هەشتاو سیّ ساڵ بازرگانی كردن ، بۆچی و بۆ كیّ ؟! بۆ زیاد كردنی سامان و سەرمایە و ئەو منالاَنەی كە ڕەنگە لە پاش مردنت لەو سامانەت هیچ خێرێكت بۆ نەكەن ، لێرەدا پێت ئەڵێم وەرە بۆ ماوەی (١٠) شەو لەگەڵ پەروەردگارتا بازرگانیەك بكە قازانجی ئەو (١٠) شەوەیشت لە (٨٣) ساڵ پەرستن زیاترە لە تەنها (١٠) شەودا ، ئێستا كاتی ئەوە هاتووە تاقی كردنەوەیەكی تر بكەین بە تەنها دە شەو نەخەوتن تەعویزی یانزە مانگ و بیست شەو غەفڵەت بكەینەوە .

خوای پەروەردگار لەبەر سۆز و بەزەیی بەبەندەكانی تەنها دەشەوی كردۆتە هۆكار بۆ دەستكەوتنی پاداشتی هەشتاو سیّ ساڵ پەرستن بەڵام چۆن؟ بە چ شێوەیەك دەشەو بتوانیّ لە یانزە مانگ و بیست شەو گەورە تر بێت ؟ بە دڵنیاییەوە لە تەرازوی شەرعدا ئەو دە شەوە نەك لە یانزە مانگ قورس تر و گەورە ترە بەڵكو لە هەشتاو سیّ ساڵ گەورەترە بەواتایەكی تر پاداشتی هەشتا و سیّ ساڵ پەرستن بە تەنها دە شەو پەرستن بەدەست ئەهێنیت ، بڵێی ئەم دەشەوەی كە بەشێكن لە ساڵ چ جیاوازیەكیان لەگەڵ شەوەكانی تردا هەبێت؟ لێرەدا ئەمەویّ وەڵامی ئەم پرسیارە لەمرۆڤێكەوە نەبیستی بەڵكو وەڵامی پرسیارەكەت لە كتێبی خوای پەروەردگارەوە بیبیستی كە ئەفەرمویّ : ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ تَنَزَّلُ الْمَلائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ مِنْ كُلِّ أَمْرٍ سَلامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ ﴾ ( القدر : ١ ـ ٥ ) .

بەڵیّ موسڵمانی بەڕێز : ئەو دەشەوەی باسمان كرد ( شەوی قەدر ) ە كە پاداشتی هەزار مانگی هەیە بۆیە ئەڵێم بەیەك شەو پەرستن چونكە دە شەوی كۆتایی ڕەمەزان بە پەرستن زیندوو بكەیتەوە دڵنیابە ئەو شەوە ئەدۆزیتەوە كە ( ليلة القدر ) ی تیایە وە بۆیە ئەڵێم هەر دە شەوەكەی زیندوو بكەرەوە بۆ ئەوەی دڵت ئارام بگرێت كە لەشەوی قەدردا بەخەبەر بویت و پاداشتی هەزار مانگت دەست كەوتووە .



وە بۆ ئەوەی دڵنیابی لەگەورەیی ئەم دە شەوە ئەوا پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : " مَنْ قَامَ لَيْلَةَ القَدْرِ إيمَاناً وَاحْتِسَاباً غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنبِهِ " ( رواه البخاري و مسلم ) ، واتە : هەر كەسیّ شەوی قەدر زیندو بكاتەوە و باوەڕی پیّ ی هەبیّ و چاوەڕیّ ی پاداشتی خوا بیّ ، خوا لە تاوانەكانی پێشووی خۆش دەبیّ .

بزانە خوای پەروەردگار چەند بەسۆز و بەبەزەیی یە بەرامبەر بە بەندەكانی پاداشتی زیاتر لەهەشتاو سیّ ساڵ لەیەك شەو پەرستن توخوا موسڵمانی بەڕێز ئەمە كاری پەروەردگارە بەرامبەرمان باشە ئێمە شەرم ناكەین لەكردەوەكانمان بەرامبەر پەروەردگارمان ؟ تەنانەت گەورەیی ئەم شەوە گەشتۆتە ڕادەیەك فریشتەكانیش داوای لێخۆش بوون بۆ موسڵمانان ئەكەن .

ئێمەی مرۆڤ كە بەردەوام لە تاوان داین لە جیاتی گریان پیّ ئەكەنین لەكاتێكدا پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ خوای پەروەردگار لە تاوانەكانی داهاتوو و ڕابردووی خۆش بوبوو كەچی شەوی قەردی بە پەرەستن زیندوو ئەكردەوە هەروەك دایكە عائیشە سەبارەت بە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إذَا دَخَلَ العَشْرُ شَدَّ مِئْزَرَه ، وأَحْيي لَيْلَهُ ، وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ " ( رواه البخاري ومسلم ) .

واتە : دوور ئەكەوتەوە لە جووت بوون لە گەڵ خێزانەكانیدا ، و شەوەكانی زیندو دەكردەوە خێزانەكانیشی بە خەبەر دەهێنا .

بەڕاستی شەرمەزاری یە بۆ ئێمەی مرۆڤ كە كاتێك میوانێكمان دێت تا نیوە شەو ناخەوین و لەگەڵیا غەیبەتی ئەم و ئەو دەكەین و تاوان دەكەین لەكاتێكدا لە شەوی قەدردا هەزاران فریشتە میوانمانن كەچی بیّ گوێدانە ئەم میوانە بەڕێزانە خەوتن هەڵئەبژێرین .

ئێمە چركەیەك خەو نادەین بەهەموو دنیا بۆیە موسڵمانی بەڕێز چۆن شەوانیتر تا نیوەشەو بەدیار دووگۆڵی ودەمەتەقێی تەلیفۆنەوە شەو نخونیت دەكرد ئەوا هیچ نەبێت وەكو شەوانی تریش ئەم دەشەوە تاقی بكەرەوە بەڵام بەپەرەستنی پەروەردگار هیچ نەبیّ لێخۆشبوونی پەروەردگارت دەس ئەكەویّ .

بۆیە ئاگەدار بە چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ئەوا مانگی ڕەمەزانتان بەسەردا داهات ، كە مانگێكی پیرۆز و بە

بەرەکەتە...،وە شەوێکی تێدایە خێر وچاکەی لە هەزار مانگ چاکترە،ئەو کەسەی لە خێروچاکەکەی بێبەش بێت ئەوا بێبەش بوە

ئەوەشمان لەبیر نەچێ فەزڵی ئەم دە شەوە زۆرگەورەیە لەوانەش :

١ . شەوێکە قورئانی تێدا نێردراوەتەوە خوارەوە ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴾ .

٢ . شەوێکی پیرۆز و موبارەکە ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ ﴾ .

٣ . خاڵی یە لە خراپە کاری و پڕە لەکاری چاکە ﴿ سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ ﴾ .

٤ . فریشتەکان دێنە خوارەوە بۆ سەر زەوی خێرو چاکە و لێخۆش بوون ئەهێنن ﴿تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴾

٥ . تیایدا خوای پەروەدگار ئەجەل و ڕۆزی بەندەکانی ئەنوسێ ﴿ فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ﴾ .

٦ . پاداشتی پەرستن تیایدا لە هەزار مانگ زیاترە﴿ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴾.

٧ . هۆکارە بۆ لێخۆشبوونی تاوانەکانی ڕابردوومان : " مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ " ( رواه البخاري و مسلم ) ، واتە : هەر کەسێ شەوی قەدر زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێ ی هەبێ و چاوەڕێ ی پاداشتی خوا بێ ، خوا لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێ .

بۆیە لەم (١٠) شەوەی کۆتای ڕەمەزانە با خورەوشتت وەکو خورەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ بێت کە " كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَجْتَهِدُ فِي العَشْرِ الأَوَاخِرِ مَا لا يَجْتَهِدُ فِي غَيْرِهَا " ( رواه مسلم ) . واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لە دە ڕۆژی کۆتایدا زیاتر هەوڵی خواپەرستی دەدا بە شێوەیەك ئەو هەوڵەی لە ڕۆژانی تردا نەدەدا .

بۆیە ئەی ئەو کەسەی منداڵت نابێ و پەنا ئەبەیتە بەر شێخ و جادوگەر !!! ئەی ئەو کەسەی نەخۆشیت و خوڵی سەرقەبران ئەخۆیت !!! ئەی ئەو کەسەی هەژار و دەستکورتیت و داوای ڕۆزی لە مردوان ئەکەی !!! ئەی ئەو کەسەی کێشەیەك هەیە و بیرت چووە خوایەك لە ئاسمانە و لەکێشەکەی تۆ گەورە ترە !!! شەوی قەدر بە پەرستن زیندوو بکەنەوە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :



خوای پەروەردگار هەموو شەوێك دێتە ئاسمانی دونیا . دابەزینێك لایەق بێت بە گەورەیی و جەلالی خۆی . و دەفەرمووێت : ئایا داواکارێك هەیە پێی ببەخشم ؟ یان کەسێك هەیە داوای لێخۆشبوون بکات بۆ ئەوەی لێیخۆشبم ؟ یان کەسێك هەیە تۆبەبکات بۆ ئەوەی لێی ببورم ؟ ئەوەش تاکو سپیدە ( فەجر یان گزنگ ) دەردەکەوێت . ( رواه مسلم )

لە کۆتایدا ئەڵێم : ئەی موسوڵمانی لە خواترس شوکری خوا بکە کە ئەم ڕەمەزانە زیندووی ڕەنگە ڕەمەزانی داهاتو ژیانت بە جێهێشتبێت و کەسێك نەبێت لە جیاتیت تەنها دوو ڕکات نوێژ بکات ئەوجا پەنجەی پەشیمانی ئەگەزی هەر وەك خوای پەروەردگار سەبارەت بەو جۆرە کەمتەرخەمانە ئەفەرمووێت : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحاً فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ ( المؤمنون ) .

واتە : هەتا کاتێ مردن دێت بۆ هەر کامیان ئەوسا ئەڵێ : ئەی پەروەردگارم بمگێڕەوە ( بۆ دونیا ) بەڵکو کردەوەی چاك بکەم (لەبری ئەوەی نەمکردوە ) لەو تەمەنەی لەدەستم چوو ، نەخێر بێگومان ئەمە تەنها قسەیەکە ئەو ئەیڵێ و لەپاش مرنیشیان لەژیانی بەرزەخی دا ئەژین تا ڕۆژێك زیندو ئەکرێنەوە .

( سبحان الله ) ئەوانەی مژدەی بەهەشتیان پێدرا بوو دەگریان و بەگریانەوە شەوی قەدریان زیندوو ئەکردەوە ، ئێمەش هێشتا نازانین ئەنجاممان بۆ کوێ یە کەچی یانزە مانگ و بیست شەو بۆ خۆمان ئەخەوین کەچی ناتوانین تەنها (١٠) شەو شەونخونی بکەین لە پێناو لێخۆشبوونی پەروەردگار بۆیە موسڵمانی بەڕێز تەنها پێت ئەڵێم بەر لەوەی مردن یەخەت بگرێت بە تەنها (١٠) شەو پەرستن گۆڕی تاریکت ڕووناك بکەرەوە و لێخۆشبوونی پەوەردگاریش بۆ خۆت بە دەست بهێنە . والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

ماڵپەڕی بەهەشت

ba8.org ba8.org ba8kurdi



ماڵپەڕی بەهەشت

# پاداشتی

# زیاتر لە هەشتا و سێ ساڵ پەرستن

# لە تەنها یەك شەودا




ئامادەکردنی : هاوار عبدالله

پێداچونەوەی : مامۆستا عدنان بارام